
## وەڵامێ بۆ سەربازێكی هەڵهاتوی نەناسراو!!! ... دلێر محمود سابیر



هەرچەندە زۆر موبالەغەیە كە بە سەربازی نەناسراو ناوت بێنم بەڵام كە تووش بووم بە قسەی خۆمەوە ناچارم وەڵامت بدەمەوە نەك لە سەر داوای خۆت بەڵكو وەك بەرپەرچدانەوەیەك لە ئوسلوبی قسە كردنە بێ تام و دوور لە ئەدەبی دەربڕینەكەی،
خوێندەوارانی بەڕێزیش ئەبێ ببورن كە ئەم نوسینەم لە حاڵەتێكی نائاساییدا بە پەلە نووسی ئەگینا هەر پێویستی نەدەكرد هیچ بڵێم.
پێش كاتی بەر بانگی دوا ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دەنگ گڕێكی فزووڵی بێ زەوقی بەد فەسساڵ هاتە سەر خەت تەنها ووتی ئێوارەت باش و هیچی تر بێ ئەوەی ناوم بێنێ و داوا بكات مۆڵەتی بدەمێ یان نا، ڕاستەو خۆ و بێ هیچ پێشەكییەك بابەتێكی بێ تامی ووروژان كە لەوە ئەچوو زۆر تەنگاو بێ نە ناوی خۆی دركاند بڵێ من كێم نە ژمارەی تەلیفۆنەكەی تۆمار بوو لە لام، زۆرم لێ كرد ناوی خۆی بڵێ بەڵام ڕای ئەكرد لەو پرسیارەو ئەی ووت گرنگ نیە كێ بم، گومانم لە سەر كەسێك بوو كە پێشتر تەقریری لە سەر من نوسیبوو بۆ لایەنێك بەڵام گومانەكەم لە جێی خۆیدا نەبوو، نەخێر ووتم فەرموو: گوێم بۆ شل كرد تێی بگەم یان هەرچۆنێ بێ دەنگی بناسمەوە، بێ سوود بوو كەوتە ڕستن و كاوێژكردن و نەیبرِیەوە لەوە ئەچوو لا لغاوی كەفی كردبێ درێژەی دایە بە مەرجێ تۆسقاڵێ مۆڵەتی بۆ من نەهێشتەوە كە وەڵامی بدەمەوە و زوو زوو ئەی ووت وەڵامم بدەرەوە، بە داخەوە بووم بە تووش قسەی خۆمەوە ئەگینا سەری ئێوەشم قاڵ نەئەكرد بۆیە پێم ووت وەڵامەكەت لە سایتی (كوردستان نێت) وەرگرە، ئەبێ داوای ئەم مەجهولە بێ ژمارەو ناوە بە تەسەووری ئێوە چی بووبێ؟؟؟
ئەم بێ دۆكیمێنتە دیار بوو بە جەرگ بوو یان فووی تێ كرا بوو وا خۆی سەغڵەت كردبوو بۆ كێشەیەك كە هیچ فەڕڕی بەوەوە نیە ئەگەر مخەووەل نەكرابێ!!سەرباقی هەمووی وەك بڵێ ئەمرت پێ ئەكەم و فەرزە لە سەرم بۆیە سەیرم لە ئوسلوبی داواكەی دێ كە نە ڕەوشتی تیا بوو نە پیاوەتی. سەیرتریش ئەوە بوو لەوە ئەچوو ئەو من بناسێ و پارچە قوماشێكی لە دەما بووبێ تا نەیناسمەوە، بە هەر حاڵ وەڵامەكەمی بۆ ئەنووسم چونكە مەعلوومە جارێكی ترو دوان و سیان پەیوەندیم پێوە ئەكات ئەگەر بە مەبەستی ئیزعاج كردنیش بێ. هەرچەندە زیادە ڕۆیی زۆر كرد وەك بیەوێ زەمینە خۆشكا بۆ شەڕە جوێن و ڕام كێشێ بۆ بەرەو ڕوو بوونەوە بە هەجوو كردن، وە دڵنیام زۆر لە نزیكەوە من ئەناسێ و لەشی ئەخورێ بۆ جنێو و تایبەت سۆراغی ناوو نوسینی منی كردووە كە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبەتە پێم شك ئەبات كە ئەتوانم بكەومە سەرو پۆتەڵاكی بەو شێوەیەی خۆی پێی خۆشە شیعری هەجووی بە سەردا هەڵدەم تا بمخاتە سەر نەهجێك ڕەنگە بۆ ئەم سەردەمە نەگونجێ، كەواتە خۆت گۆڵمەزت دروست كرد سەبر بگرە و هیوا دارم ناووت بخەیتە ڕوو و جورئەتت هەبێ،
داواكانی هەرچەندە پچڕ پچڕو تێكەڵ و پێكەڵ بوو بوو بەڵام تێی گەیشتم مەبەستی چیە:
بۆیە من لای خۆمەوە ئەوەی لێم هەڵێنجا ئەمانە بوون بە تەرتیب:

یەکەم قسەی ووتی: (ناوی تۆم لە لیستی ئەوانەدا نەدی کە پشتگیریان لە دکتۆر کەمال سید قادر کردووە!! بەوەدا زانیم کۆمپیتەری هەیەو موتابەعە ئەکات و تایبەت بۆ من گەڕاوە،

دووهەم: هیچ هەڵوێستێکت وەرنەگرت لەم ڕەفتارەی کە پارتی دەربارەی ناوبراو کردوویەتی و نارەزایی پێوە دیار بێت!!چونکە من دوای شەڕێکی دۆڕاو ناکەوم.

سێهەم: (وەك بڵێ ئەمرت پێ ئەکەم) بۆ هیچ نوسینێکت لە دژی پارتی و بنە ماڵە نەنووسی و ئیدانەیان بکەیت کە قەڵەم بۆ بەند ئەکرێ و بوێری و چاو نەترسانە دکتۆر بەرەنگاری یان بۆتەوە،

چوارهەم: ئێمە بە تەماین ئیمزا کۆبکەینەوە وەك ئیستیفتا و بۆ ئەو مەبەستە بانگەوازی هەموو خاوەن قەڵەمە ڕەواکان ئەکەین و ئەوانەش لە دەرەوەی قەڵمدارەکانن کە بێنــە پێشەوە، (کە بە مێشکێکی سارد ئەیخوێندەوە وەك نوسیبێتیەوە وا بوو)

، ئەمەی کە تێی گەیشتم پوختەی داواکانی ئەو بوو، بێجگە لە هەندێ ڕستەی زەق و هەلەق و مەلەقی بێ تەوازون کە وام تێ بگەیەنێ زۆر ڕۆشەنبیرە و لە شت تێ ئەگات کاتێ باسی لە مافی مرۆڤ ئەکرد و تاکەی چەوسانەوە هەبێت وەك هۆشداریم بداتێ کە بە چڕو پڕی باسەکەم لە بەرگری کردن بێت لەو زاتەی کە گیراوە بێ هۆ!! و گەلێ شتی ووروژاند بێ سەرەو بەرە کە مافی ئەو نیە و منیش بەس گوێم بۆ شل کردووە کە لەوەش ئەچوو گروپێك بن بۆ بە گیر هێنانی نووسەران لە ژێر فشاردا خۆیان بدەن بە دەستەوە لەم کێشەیەدا تا بە عاستەم سوچێکم دۆزیەوە پێی بڵێم ئەی کە جەنابت هێندە بە سەلیقەی و دەمت گەرمە خۆ قسە بەپارە نیە چیت هەیە هەڵی ڕێژە بۆ تەکلیف لە من ئەکەی مادام کۆمپیوتەرت هەیەو سایتەکان ئەخوێنیتەوە؟ ئەی باشە کەسێك بگاتە ئەو مستەوایەی دوو دکتۆرای هەبێ چ موجیبی ئەوە ئەکات شەڕێك بکات خۆی تیا بسووتێ؟.

بە هەر حاڵ بەربانگی ئەو ئێوارەیەم بە ساردو سڕی بە ڕێ کرد بەڵام وەعدەکەی خۆم وەڵامی ئەو سەربازە هەڵهاتوە نەناسراوەیە کە لە ژمارەیەکی تردا ئەیخوێنێتەوە!!!